سودانی بانگهێشتنامەیەک بە سەردانی کردنی ئیتالیا وەرگرت

سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی،لەمیانی پێشوازیکردنی لە باڵیۆزی ئیتالیا لە عێراق بانگهێشتنامەیەک بە سەردانی کردنی ئیتالیا وەرگرت

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە بڵاویکردەوە"سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ دووشەممە پێشوازی کرد لە باڵیۆزی ئیتالیا لە عێراق بەڕێز نیکۆلە فینتانا و تێیدا گفتوگۆیان لەسەر پتەوکردنی پێیوەندییە دووقۆڵییەکان و پەرەپێدانی هاوکاری هاوبەش لە بەرژەوەندی هەردوو وڵاتی دەستدا کرد.

وتیشی سودانی جەختی لەسەر سووربوونی حکومەت کردەوە، بە تەواوکردنی ئەو ڕێککەوتنانەی کە لە سەردانەکەی بە عێراق لە کۆتایی ساڵی 2022 دا لە نێوان بەڕێزیان و سەرۆک وەزیرانی ئیتالیا جۆرجیا میلۆنی لەسەری ڕێککەوتوون، جگە لە هەوڵ بەردەوامکانی عێراق بە قوەکردنەوەی پێیوەندییەکان لەگەڵ لایەنی ئیتالی و ئاماژەی بە گرنگی بەشداری کردنی کەمپانیا ئیتالییەکان کرد لەو گەشەپێدانە کە ئەمڕۆ عێراق بەخێیەوە دەبینێت، هەروەها ئامادەکارییەکان بە سەردانە چاوەڕوان کراوەکەی بەڕێزیان بە ڕەما.

لەلای خەیەو بایەزی ئیتالیا بانگهەشتنامەیەکی گەیاندە بەڕێز سەرکی ئەنجومەنی وەزیرانی بە سەردانی کردنی ئیتالیا، بەمەبەستی واژەکردنی ڕێککەوتنی ستراتیژی دووقۆڵی لەبوارەکانی ئابووری و ئەمنی و سەربازی و کەلتووری و چارەسەرکردنی کێشە هەڕەپەسەردراوەکانی نێوان هەردوو وڵاتدا کە لەسالانی هەشتاکانەوە ماوەتەوە و ئاماژەی بەوەکرد کە هاوکاری عێراق و ئیتالیا گرنگ و سەرکییە بە پتەوکردنی سەقامگیری لەناوچەکە و جیهاندا.